شانۆنامەی

# بووکەشووشەیەکی فەرامۆشکراو

ئالفانسۆ ساسترێ

شانۆنامەی

# بووکەشووشەیەکی فەرامۆشکراو

حەمەسەعید حەسەن

لە سوێدییەوە کردوویە بە کوردی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

ئالفانسۆ ساسترێ
شانۆنامەی بووکەشووشەیەکی فەرامۆشکراو
پێداچوونەوەی: کارستێن پالمەر
وەرگێڕانی لە ئیسپانییەوە بۆ سوێدی: فرانسیسکۆ ئۆریز و ئینگڤار بومان
لە سوێدییەوە: حەمەسەعید حەسەن
کتێبی ئاراس ژمارە: ١١٥٩
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٧٧٨ – ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە و ڕازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل

## بەشداران

* چیرۆکبێژ
* میزەڵدانفرۆش
* ڕۆسیتا
* پاکا
* پێڵاودروو
* بەرگدرووی پیاوان
* بەرگدرووی ژنان
* (وەستا)یەک کە بەرگی نوێ دەگرێتە قەنەفەی کۆن
* دایکی ڕۆسیتا
* کۆنەکۆکەرەوە
* دەرگەوان

## دیمەنی یەکەم

چیرۆکبێژ: هەنووکە چیرۆکی بازنەی دەباشیر دەگێڕینەوە. بازنەی دەباشیر بەسەرهاتێکی بەناوبانگ و دێرینە و لە گەلێک وڵات و لە زۆر بۆنەی جیاوازدا، خەڵکی بەردەوام دەیگێڕنەوە و بۆ گەورە و بۆ منداڵانیش نمایش کراوە. بەسەرهاتەکە لە یەکێک لە شارەکانی ئیسپانیادا ڕووی داوە. لە دەرەوەی شارەکە خانوویەکی گەورە هەبووە، ئەرزی ژوورەکانی جوانترین مافووریان تێدا ڕاخراوە و بنمیچەکانیشی نایابترین تاجی کریستاڵیان پێدا شۆڕ بووەتەوە. لەو خانووە پڕ لە کارەکەر و خزمەتکارەدا، کیژۆڵەیەک ژیاوە، ناوی (ڕۆسیتا) بووە.

میزەڵدانفرۆش: تۆ کێیت کە ئاوا من دەترسێنیت؟

ڕۆسیتا: من ڕۆسیتام. ڕۆسیتا بە مانای گوڵێکی بچووک دێت. باوکم هەمیشە پێم دەڵێت: گوڵە گچکەکەم.

میزەڵدانفرۆش: بۆچی میزەڵدانەکانم دەتەقێنیت؟ وەک دەبینیت، من پیرێکی هەژارم، نەدەبوو زیانم لێ بدەیت.

ڕۆسیتا: پیرەمێرد تۆ بە میزەڵدانە ناشرینەکانت دیمەنی

پەرژینەکەمانت تێک داوە. ئێستا یەکێکی دیکەشیان دەتەقێنم.

میزەڵدانفرۆش: بزر بە لەبەرچاوم، هەی بێشەرم!

ڕۆسیتا: تۆ میزەڵدانەکانت لا بە و بزر بە! ئەمە ماڵی ئێمەیە.

میزەڵدانفرۆش: من هاووڵاتییەکی چاک و دەستپاکم. لە هەر کۆڵان و شەقام و گۆڕەپانێکدا ئارەزوو بکەم، میزەڵدان دەفرۆشم.

ڕۆسیتا: کەواتە دایکم بانگ دەکەم.

میزەڵدانفرۆش: ئەگەر ئەم پەرژینە هی ئێوەیە، میزەڵدانەکانم بەو دیوارەوە دەبەستمەوە. بێنە پارەی ئەو میزەڵدانەی تەقاندت، هەی بەدفەڕ!

ڕۆسیتا: وردەم پێ نییە.


میزەڵدانفرۆش: بچۆ پارەکەت ورد بکەوە!

ڕۆسیتا: میزەڵدانێک بە چەندە؟

میزەڵدانفرۆش: یەک پسێتا.

ڕۆسیتا: ئەم هەموو شەڕە بۆ تاقە پسێتایەک دەکەیت؟

میزەڵدانفرۆش: کچی خۆم، پسێتایەک بۆ من نانێکە کە لەگەڵ قاوەیەک و پارچەپەنیرێک و پەرداخێک ئاودا دەیخۆم. یان دەشێت لەگەڵ لەتەپرتەقاڵێک و نەختێک ماسیی قوتوودا بیخۆم.



ڕۆسیتا: بێ دەنگ بە! حەز ناکەم گوێم لە ناوی ئەو خواردنانە بێت کە تۆ دڵت پێیان خۆشە. کە تۆم لێرە دوور خستەوە، دەچمە ژوورەکەمەوە. دایکم و کارەکەرەکان چاوەڕێم دەکەن. ئەم بووکە ناشیرینە، قۆڵ شکاوە، پشت دڕاوەش فڕێ دەدەم. ئینسان بە بووکی وا دزێو ناتوانێت گەمە بکات. ها بیگرە پیرەمێرد، دەشێت ئەم بووکە نەخۆشە، تێکشکاوە، حەز بە دۆستایەتی تۆ بکات.

میزەڵدانفرۆش: باشبوو لە بری پارەی میزەڵدانەکە، هیچ نەبێت ئەم بووکە دڕاوەم دەست کەوت. ئەها ئەوە کیژۆڵەیەک هات. خۆ ئەوە (پاکا)یە، کچی ژنە چێشتکەرەکە. (پاکا)ی ژیکەڵە چۆنی؟ ئەوە بۆ کوێ دەچیت؟

پاکا: دەچم شت بۆ دایکم دەکڕم.

میزەڵدانفرۆش: پاکا، ئەم بووکەشووشەیەم لێ ناکڕیت؟ ها تەماشای بکە! تەنیا بە دوو پسێتا.

پاکا: ئەمە خۆ دڕاوە، زۆر پیسیشە.

میزەڵدانفرۆش: ڕاستە سەری شکاوە، بەڵام پرچەکانی جوانن. ڕاستە پشتی دڕاوە، بەڵام ئەوە کەی گرنگە؟ ڕاستە ژیان لە قۆڵیدا نەماوە، بەڵام خۆشەویستی و ژیریی، ژیانی پێ دەبەخشنەوە. بەداخەوە من پیر بووم، چاوم کز بووە و دەستم دەلەرزێت، ئەگەر نا خۆم چاکم دەکردەوە. بە پسێتایەک بیبە! باشە؟




پاکا: ئەگەر من لێت نەکڕم چی لێ دەکەیت؟

میزەڵدانفرۆش: بۆ ئاسمانی دەنێرم. ئاخ، بەڵام سەفەری بەرەو ئاسمانی ئەم بووکەشووشەیە، هێندە ئازارم دەدات، ئەوەندە نائومێدم دەکات، ناچار دەبم بە خوڕ بۆی بگریم. ئاخر نێوان ئەستێرەکان زۆر ساردە. ئاخر نێوان هەورە ڕەشەکان زۆر تاریکە. لە ئاسمان نە منداڵ هەیە، نە نەخۆشخانە. تەنانەت تاقە پلاستەرێکیشی لێ نییە. دڵنیام ئەم بووکەشووشەیە دەمرێت. ماڵئاوا بووکەکەم.

پاکا: پەلە مەکە! ها ئەوە پسێتایەک.

میزەڵدانفرۆش: ئەدی هیچ بۆ دایکت ناکڕیت؟

پاکا: ئەمڕۆ نان و ئاو دەخۆین.



## دیمەنی دووەم

پاکا لایلایە بۆ بووکەکە دەکات:

بنوو بووکە دڕاوەکە!

بنوو بووکە بێ چاوەکە!

نە خۆر دەبینی نە زەریا،

کەس وەکوو من بۆت نەگریا.

گریام بۆ خەندەی تۆراوت،

بۆ شان و قۆڵی شکاوت.

بنوو خەونی خۆش ببینە!

سبەی دایە

دەتبا بۆ لای

هەرچی وەستای

دەست ڕەنگینە،

بنوو خەونی خۆش ببینە!



پێــڵاودروو: من پێــڵاودرووم، پێــڵاودروویەکی خــەمناک، ئەمــە دووکانەکەمە کە لەسەر شەقامی وەستا دەستڕەنگینەکانە. کچی بچووک چی دەخوازیت؟

پاکا: پێڵاودرووی دلۆڤان! تۆ کە لە نێو دووکانەکەتدا لە دۆکتۆر دەچیت و کــاتێک کــەوشــی دڕاوی پاژنەســواو، دێتــە بەر دەستت، هێندەی بڵێیت یەک و دوو، وای لێ دەکەیت وەک زێڕ بدرەوشێتەوە، تکایە خۆشەویستەکەی منیش چاک بکەوە!

پێڵاودروو: ئەوە جاران وابوو، هەنووکە پێڵاو هێندە خراپ دروست دەکــرێت، کــە جــێــیــەکی دڕا، دەبێت فــڕێی بدەیت، چاککردنەوەی کەڵکی نابێت، بڕۆ کچی خۆم!

پاکا: بووکەکەم قۆڵی شکاوە، پشتی دڕاوە، تەنیا تۆ دەتوانیت چاکی بکەیەوە.

پێڵاودروو: بێنە بووکەشووشەکەت! بەم ئامێرە بە جۆرێک شان و قــۆڵی لە جــێی خــۆیان قــایم دەکــەمــەوە، ئیــدی هەرگــیــز نەترازێن، بەڵام ئەو قەڵبە گەورەیەی کەوتووەتە پشتی، بە من چارەســەر ناکــرێت. ها ئەو پارچە پەڕۆیە ببــە بۆ لای بەرگــدروو، ئەو بۆت پینە دەکــات، بەڵام وریای خــۆت بە، پیاوێکی پیسکەیە و منداڵیشی خۆش ناوێت.

پاکا: بەرگدرووی هێژا، تکایە بووکەکەم بۆ چاک بکەوە!

بەرگدرووی پیاوان: چیت دەوێت کچێ! چ دەکەی لەم ناوە؟

پاکا: بووکەکەم قەڵبەیەک کەوتووەتە پشتی و چاوەکانیشی بزر بوون، بەڵکوو یارمەتیم بدەیت.

بەرگدرووی پیاوان: منداڵانی مەیدانەکە پێش تۆ، لێرە بوون کە ڕۆیشتن، هەندێک بەکرە و دەرزی دیار نەمان. بڕۆ بە ڕێی خۆتەوە! (پاکا ڕاو دەنێت.)

پاکا: (دێتەوە.) من هیچم نەبردووە، تەنیا تۆی لێزان دەتوانیت بووکەکەم چاک بکەیەوە.

بەرگدرووی پیاوان: ئا بێنە بووکەکەت! باشە چەند دەدەیت؟ لەوە دەچێت تۆ پێت وابێت، هەموو شتێکت بە خۆڕایی دەست دەکەوێت. ناهەقیشت نییە، ئێستا هەموو شتێک بۆ منداڵان بەلاشە. کە من منداڵ بووم، هیچمان نەبوو، گەمەی پێ بکەین.

پاکا: بەڵام خۆ هەر یاریتان دەکرد؟

بەرگدرووی پیاوان: من هەر بە دەساڵی بووم بە شاگردی بەرگدروویەک. ئێمە وەختمان نەبوو بەمەلا و بەولادا ڕا بکەین و وەک ئێستای ئێوە هەر خەریکی گەمەکردن بین.

پاکا: هیچ کەرەسەیەکی یاریتان نەبوو؟

بەرگدرووی پیاوان: مەگەر بە دار و پەڕۆ داهۆڵمان دروست کردبا. منداڵ تێر سکی خۆی نانی نەدەخوارد. ئێستا باشترە، بەڵام ئەدی بۆچی دزیم لێ دەکەن؟

پاکا: پێم خۆشە زۆرتر باسی منداڵیی خۆتم بۆ بکەیت.

بەرگدرووی پیاوان: باسی چی بکەم؟ ئێمە هەمیشە برسی بووین و ژیانمان لە مەترسیدا بوو. هانێ کچی چاک، ئەوە پشتی بووکەکەت خەوشی تێدا نەما، بەڵام بۆ چاوەکانی قۆپچەی لەوانەی لای من جوانترت پێویستە. وا باشترە بچی بۆ لای بەرگدرووی ژنان، بەس ئاگادار بە، چونکە ژنێکی خراپە و زەحمەتە چاکەی لێ بوەشێتەوە.

بەرگدرووی ژنان: من پۆشاک بۆ ژنانی جوان دەدرووم. ئێستا خەریکی دروونی کراسێکی زیوینم بۆ ڕۆسیتای دڵڕفێن، لە بەری بکات، تەواو لە شازادە دەچێت. بەڵام تۆ بەم جلە چڵکن و دڕاوانەتەوە، چیت دەوێت؟ دەست لەو قوماشانە نەدەیت، با پیس نەبن.

پاکا: بەرگدرووی دلۆڤان، هاتووم بۆ چاو، بۆ بووکەکەم.

بەرگدرووی ژنان: بۆ ئەو کۆنەبووکە پیسە؟

پاکا: بەرگدرووی پیاوان و پێڵاودروو برینەکانی بووکەکەمیان سارێژ کرد.

بەرگدرووی ژنان: ئینسان دەتوانێت شوێنێکی پینە بکات، یان جێیەکی چاک بکاتەوە، بەڵام هەرگیز نابێتەوە بە بووکەکەی جاران، گەنجیەتی هەرگیز بۆ کەس ناگەڕێتەوە. کچی بچووک بە هیوای لە داهاتوودا ببی بە چی؟

پاکا: نازانم.

بەرگدرووی ژنان: کە منداڵ بووم خەوم بەوەوە دەبینی، ببم بە



دۆکتۆر. پێمەکەنە!

پاکا: پێناکەنم.

بەرگدرووی ژنان: بەڵام لە گوندەکەی خۆمان کە دەمگوت، دەمەوێت ببم بە دۆکتۆر، پێم پێدەکەنین، چونکە سەر بە خێزانێکی هەژار بووم، ئەوەتا بووم بە بەرگدرووی ژنان و لەبری ئەوەی برینی هەژاران بدوورمەوە، جل بۆ دەوڵەمەندەکان دەدرووم.

پاکا: بۆ بووکەکەی من، تۆ تاقە دۆکتۆریت. تەنیا بە تۆی مەزن دەکرێت، توانای بینینی پێ ببەخشییەوە.

بەرگدرووی ژنان: گوتت من دۆکتۆرم. بۆ نا؟ ئا بێنە بووکەکەت با بزانم لێدانی دڵی ئاساییە. پێ دەچێت نەخۆشییەکەی سەخت بێت. بەڵام کچە جوانەکە چونکە من لێرەم، هیچ ترست نەبێت. باش بوو، زوو ئەم بووکە نەخۆشەت بۆ لای من هێنا. هەر ئێستا بەنگی دەکەم، دەیخەوێنم و جووتێک چاوی جوانی پێ دەبەخشم. ئادەی تکایە بەنگ، پلاستەر و لۆکەم بۆ بهێنن! زۆر سوپاس. دوو قۆپچەی سپی مرواری ئاسا و دوو قۆپچەی دیکەی بچووکی پیرۆزەییشم پێویستە. دەست خۆش. ئەدی کوا نەشتەر و دەرزی و داو؟ سوپاس. هەرئێستا لەو پارچە قوماشە گرانبەهایە، کراسێکی جوانیشی بۆ چێ دەکەم. فەرموو ئەوە بووکەکەت. ئێستا بە تەواوی چاک بووەتەوە.

پاکا: زۆر سوپاس بەرگدرووی دلۆڤان.

بەرگدرووی ژنان: بەڵام پرچیشی کورتە و دزێو؟ پێویستی بە قژێکی جوان و درێژ هەیە. بچۆ بۆ مەیدانەکە. لەوێ وەستایەک هەیە بەرگی نوێ دەگرێتە قەنەفەی کۆن، خەیاتەی لە هەموو ڕەنگێک هەیە، بەڵام ئاگادار بە، حەزی لە قۆشمەیە.

وەستا: وەرە کچی خۆم، بزانم چیت دەوێت.

پاکا: هاتووم بۆ قژ، بۆ بووکەکەم.

وەستا: دەتناسم، تۆ پاکای، کچی ژنە چێشتکەرەکەی خانووە گەورەکە. ڕاستییەکەی یارمەتیشت دەدەم. ئادەی کوا بووکەکەت، با سەیرێکی بکەم. بوەستە با چاکترین کەتیرە و نایابترین خەیاتە بهێنم، هەر ئێستا بۆت دەکەمە خاوەنی جوانترین قژ، بەڵام تا کەتیرەکە تەواو وشک نەبێتەوە، قژی شانە نەکەیت!

پاکا: زۆر سوپاس وەستای دلۆڤان.

وەستا: پاکا.

پاکا: بەڵێ.

وەستا: سڵاوم هەیە بۆ دایکت، پێی بڵێیت باشە؟

پاکا: ئم.

وەستا: لەبیرت نەچێت پێی بڵێیت.

پاکا: بیرم ناچێت. ئێستا دەبێت دارتاشێک بێشکەیەکی باش بۆ

بووکەکەم دروست بکات. نا بێشکەم ناوێت، قۆڵەکانمی بۆ دەکەم بە لانک.

چیرۆکبێژ:

بووکەشووشەی
جارانی زوو پشتگوێ خراو،
ئێستا شادە
بە ئامێزی
کیژێ لە گوڵ و خۆرەتاو.

کیژە گەمەی لەگەڵ دەکا
خواردن ئامادە دەکا بۆی،
هەمیشە ئاگای لێیەتی
دەیپارێزێ وەک چاوی خۆی.

ناخی پڕ دەکا لە شادی
خەندە بۆ لێوانی دێنێ،
باسکی دەکا بە سەرینی،
بە لایلایە دەیخەوێنێ.

بووک دایکی خۆی چنگ کەوتووە
لە جۆلانەی قۆڵەکانیدا خەوتووە.

## دیمەنی سێیەم

دایکی ڕۆسیتا: یەک، دوو، باز! یەک، دوو، باز! ئاوا بوەستە گوڵە گچکەکەم. پشتت با ڕێک بێت. لاقت ڕابکێشە، مەینووشتێنەوە! ئاوا.

ڕۆسیتا: باشە دایە گیان.

دایکی ڕۆسیتا: یەک، دوو، باز! یەک، دوو، باز!

ڕۆسیتا: ئای!

دایکی ڕۆسیتا: دەبێ لەشت نەرم بێت. ئاوا، ئێستا هەستەوە! با لەسەر مەشقکردن بەردەوام بین! ئەگەر جوان فێری بالێ ببیت، باوکت زۆری پێ خۆش دەبێت و شانازیت پێوە دەکات.

ڕۆسیتا: کەی بابە دێتەوە؟


دایکی ڕۆسیتا: ئەم ئێوارەیە.

ڕۆسیتا: ئۆخەی بابە دێتەوە.

دایکی ڕۆسیتا: منیش زۆرم پێ خۆشە کە دێتەوە.

ڕۆسیتا: دایکە فێربوونی ئەم سەمایە ئاسان نییە.

دایکی ڕۆسیتا: نائومێدم مەکە! تۆ دەڵێیت بابە ئەمجارە چیت بۆ دەهێنێت؟



ڕۆسیتا: نازانم، بەڵام هەرچیم بۆ بهێنێت، هەر پێم خۆش دەبێت.

دایکی ڕۆسیتا: خوازیاری دیارییەکەت چی بێت؟

ڕۆسیتا: بووکەشووشەیەک، بووکێکی زۆر جوان.

دایکی ڕۆسیتا: ئەدی باوکت بووکێکی جوانی لە (ڕۆما)وە بۆ نەهێنایت؟

ڕۆستیا: بەڵێ، بۆی هێنام.

دایکی ڕۆسیتا: ئەدی لە کوێیە؟

ڕۆسیتا: هەر چییەکم بۆ بهێنێت، هەر پێی دڵخۆش دەبم. هاتنەوەی باوکم، دیاریشی پێ نەبێت، هەر مایەی شادیمە.

دایکی ڕۆسیتا: دەڵێم بووکەکەت لە کوێیە؟

ڕۆسیتا: شکا، فڕێم دا.

دایکی ڕۆسیتا: ئەو بووکە جوانە چۆن شکا؟ دایە مەخەڵەتێنە!


ڕۆسیتا: یاریم لەگەڵ دەکرد، شکا.

دایکی ڕۆسیتا: دیسان دایە نائومێد دەکەیت. بابە بزانێت ئەو بووکە جوانەت فەوتاندووە، ئاخۆ چی بڵێت؟ بیرت لەوە نەکردەوە کە دەشێت بابە دڵگران ببێت؟

ڕۆسیتا: بمبەخشە! دایە گیان.

دایکی ڕۆسیتا: مەسەلەکە تەنیا ئەوەیە، تۆ زۆر نازت پێ دراوە. تۆ بۆچی هێندە بێ هەستیت؟ بۆچی بەهای پارە نازانیت؟

سـزات ئەوەیە: خـەرجـیی هەفتـانە وەرناگریت، تا بووکەکە نەهێنیـتـەوە. بە بابەش دەڵێم کـە دیارییـە جـوانەکـەیت فـڕێ داوە. ئیتر ئەم گوێ بە هیچ نـەدانە بەسە! ئەگەر خۆت چاک نەکـەیت، ئیـدی کـچـی من نیت، دە هـەسـتـە بـڕۆ بووکـەکـەت بهێنەوە.



## دیمەنی چوارەم

پاکا: هاورێ شیرینەکەم وەرە لەسەر ئەژنۆم دابنیشە و گوێم لێ بگرە! ئەم ئێوارەیە دەستبەتاڵم، ئیش ناکەم، تێدەگەیت؟ خانم دەیویست چێشت لێ بنێم، بەڵام پێم گوت: خانم گوێ بگرە! هەموو ئێوارەیەک شیوتان بۆ لێ دەنێم و ئێوە لەگەڵ کچە بچووکەکەتاندا پێکەوە نان دەخۆن، کەچی کچە بچکۆلانەکەی خۆم کە ناساغیشە، بە تاقی تەنیا ڕاکشاوە، خانم گوتی: باشە دەتوانیت لای کچە بچووکەکەی خۆت بیت و بگرە ئەوە دە پسێتاش شتێکی بۆ بکڕە، دڵی پێی خۆش دەبێت. بۆیە ئێستا لای تۆم و چی بخوازیت، ئەوە دەکەین. لە ماڵەوە دابنیشین و خەریکی خوێندنەوە بین؟ شتێکی خۆش بخۆین و زوو لێی پاڵ بکەوین؟ حەزت لەوەش نییە؟ بچین بۆ سینەما؟ بۆچی دەڵێی نا؟ خۆ دەتوانیت! دێیت؟ دە باشە با کراسە تازەکەت لەبەر بکەم.

ڕۆسیتا: ئەو کچە کێیە؟ هەرگیز نەمدیوە. ئا ئا خۆ ئەوە پاکایە، کچی چێشتکەرەکە! ئەوە چۆن توانیوێتی بووکێکی وا جوان بکڕێت؟ پاکا، ئەوە تۆیت؟ بووکێکی چەند جوانت هەیە!

میزەڵدانفرۆش: کچینە چۆنن؟ سەرنج بدەن! میزەڵدانێکی زۆر

سەیرم پێیە، هەر لە کەروێشکێکی دڵخۆش دەچێت. پێشتر هەرگیز میزەڵدانی وام نەفرۆشتووە.

پاکا: ڕاست دەکات، زۆر جوانە. بەڵام بۆچی ئاوا بە سەرسامییەوە چاوت بڕیوەتە بووکەکەم؟

ڕۆسیتا: دەتوانم تەوقەی لەگەڵ بکەم؟ ئای کە جوانە! با گەمەی لەگەڵ بکەین.

پاکا: باشە منیش پێم خۆشە دووقۆڵی یاری لەگەڵ بووکە نازدارەکەم بکەین.

ڕۆسیتا: بەڵام ئەوە بووکەکەی منە، دەی خێرا بمدەرەوە!

میزەڵدانفرۆش: ئۆی ئۆی!

پاکا: بووکی خۆمە.

ڕۆسیتا: درۆ دەکەیت، بووکی منە.

پاکا: مامەی میزەڵدانفرۆش دەزانێت کە بووکی منە.

میزەڵدانفرۆش: ئۆی ئۆی!

ڕۆسیتا: میزەڵدانفرۆش دەزانێت کە بووکی منە و دەشزانێت چۆنم لە کیس چوو.

میزەڵدانفرۆش: ئۆیئۆیۆی. کچینە ئەمە ئەوپەڕی نەگبەتییە. پێویستمان بە دادوەرێک دەبێت.

کۆنەکۆکەرەوە: خانمان، ئاغایان، سڵاوتان لێ بێت و ڕۆژتان باش.

من کـۆنـەکـۆکـەرەوەم، هـەرچیـتــان لێ زیادە و بە کـەڵکتـان نایەت، بیبەخشن بە من، قوتوو بێت، شووشـەی بەتاڵ بێت، جلی کـۆن، قــەنەفــەی شکاو، تەنانـەت کـەوشـی دڕاویش. هێژایان هیچی کۆنەتان هەیە؟

میزەڵدانفرۆش: تەنگوچەڵەمەیەکمان هەیە.

کۆنەکۆکەرەوە: گەرچی خـۆم خـەم و خـەفـەتم هـەیـە، وەلێ هـەر پێم خـۆشــە لە نزیکەوە ئاگــاداری تـەنگوچەڵەمــەی کـەســانی دیکەش بم. باوەڕ بکەن مەبەستم یارمەتیدانی خـەڵکیـیـە، نەک ئەوەی حەزم لێ بێت لە هەموو دیزەیەکدا ئەسکوێ بم.

مــیـزەڵدانفــرۆش: ئایا کــاکی کـۆنەکـۆکـەرەوە لـە بواری یاســا و دادگاییکردندا هیچ شارەزاییەکی هەیە؟

کـۆنـەکـۆکــەرەوە: بڕوات هـەبێت، هـەرچی کـون و کــەلەبەری یاســا هەیە، هەمووی شارەزام. کێشەکەی ئێوە چییە؟ کەسێک بێ خانە و لانەیە؟ باوکێک حاشای لە منداڵەکەی کردووە؟

میزەڵدانفرۆش: منداڵێک دوو کەس خۆیان کردووە بە خاوەنی. ئەم دوو کیژە هەردووکیان خۆیان بە دایکی ئەو بووکە دەزانن. ئامادەی ببیت بە دادوەر و دایکە ڕاستەقینەکە دەستنیشان بکەیت؟

کۆنەکۆکەرەوە: بەڵێ ئامادەم.

میزەڵدانفرۆش: ئەدی ئێوە کچینە، بە دادوەریی ئەم پیاوە هەقبێژ و



هۆشمەندە، قایلن؟

پاکا: من ئەم کۆنەکۆکەرەوەیە کە (جۆلیان)ی ناوە و هەمیشە ڕووی خۆشە، وەک دادوەر پەسەند دەکەم.

ڕۆسیتا: تۆ ئەو کۆنەکەرەوەیەی کە هەفتەی جارێک لە دەرگای پشتەوە دێیت و هەواڵی ئەو شتومەکانە دەپرسیت کە ئیدی ئێمە کەڵکیان لێ نابینین؟

کۆنەکۆکەرەوە: من ئەوم، کچی جوان.

ڕۆسیتا: هەمیشە شتێکیشت هەر دەست دەکەوێت؟

کۆنەکۆکەرەوە: هەمیشە، خانمە بچکۆلەکە.

ڕۆسیتا: منیش وەک دادوەر پەسەندی دەکەم.

کۆنەکۆکەرەوە: کەواتە دەبێت سوێند بخۆن، کە ڕاستی دەڵێن و بێجگە لە ڕاستی هیچی دیکە ناڵێن و ملکەچی بڕیاریشم دەبن.

ڕۆسیتا و پاکا: سوێند دەخۆین.

کۆنەکۆکەرەوە: بووکەشووشەکە هی کێیە؟

ڕۆسیتا: هی منە.

پاکا: هی منە.

ڕۆسیتا: هی منە.

پاکا: هی منە.



کـۆنەکۆکـەرەوە: ناکـرێت هـی هـەردووکـتـان بێت، ئێـوە سـوێندتان خوارد کە ڕاستی بڵێن. بیر بکەنەوە! بووکەکە بەڕاستی هـی کامتانە؟

پاکا: هـی منە.

ڕۆسیتا: هـی منە.

پاکا: هـی منە.

ڕۆسیتا: هـی منە.

کـۆنەکۆکـەرەوە: لە بارودۆخـێکی ئاوا خـراپ و نالەباردا، دادوەری ڕاسـتـەقـینە دەبێت چی بکات؟ دەتوانیت بیـسـەلمێنیت کـە بووکـی تۆیـە؟ هیـچ بەڵگەیەکت هەیـە؟ بۆ نموونـە پسـوولەی کڕینەکەی؟

ڕۆسـیـتـا: باوکم لە ڕۆما بە دوو هەزار لیرە بۆی کـڕیوم. کـەسێکی زۆر گرنگیش شایەتیم بۆ دەدات.

کۆنەکۆکەرەوە: دەبا بێت شایەتی بدات.

دەرگـاوان: من پیـاوێکی گـەلێک گـرنگم، دەرگـاوانێکی زۆر باشم، بەوپەڕی ڕاسـتـگۆییـیـەوە، بە شــەرەفم سـوێند دەخـۆم کە لە ڕۆژی لە دایکبوونی ئەو بووکەشووشەیەدا ئامادە بووم.

کۆنەکۆکەرەوە: تکایە ڕوونتر قسە بکە!

دەرگـاوان: لە بیـرمـە ڕۆژێکی پاییـز بـوو، بە ئیـشـێک بەرەو لای ڕۆسـیـتـای جـوان بەڕێوە بـووم، گـوێم لێ بـوو، قیـژاندی، لە

درزێکەوە سەیرم کرد، دیتم ڕۆسیتا خەریکی کردنەوەی سندووقێکە، بەو ناونیشانەی دەستیشی چووبوو بە بزمارێکدا. کە چوومە پێشترەوە، بینیم ڕۆسیتا ئەو بووکەی لە سندووقەکە دەرهێنا. هیچ گومانم لە قسەکانی خۆم نییە و گەر دەخوازن لەژێریانەوە ئیمزاش دەکەم.

کۆنەکۆکەرەوە: ئەدی پاکا، تۆ لەو بارەیەوە چی دەڵێیت؟

پاکا: من دەڵێم بووکی خۆمە. بووکێکی دڕاوی پشتگوێخراو بوو، ئەوە من بووم، ئامێزی پڕ لە ئەوینم بۆ کردەوە و سەرلەنوێ ژیانم پێ بەخشییەوە. دەبێت ئەوەش بڵێم، ئەگەر چەندان وەستای کارامە دەستی یارمەتییان بۆ درێژ نەکردبا، چاک نەدەبووەوە. ئەوە من بووم لە سەرما پاراستم، جلی ژێرەوە و گوڵ و تەوقەم بۆ کڕی. ئەگەر کەسێک ویستبای ئازاری بدات، بەرگریم لێ دەکرد. هەر بۆیە کۆنەکۆکەرەوەی بەڕێز، نا ببوورە، دادوەری هێژا، بە دڵنیاییەوە دەڵێم، بووکی منە.

کۆنەکۆکەرەوە: بەڵێ، بەڵێ. دەبێت بیر لە داهاتووی بووکەکە بکەینەوە. دادە ڕۆسیتا ئەگەر بووکەکە بدرێت بە تۆ، چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکەیت؟

ڕۆسیتا: بۆ بووکەکە وا باشترە لای من بێت، تەختی نووستنی باشی بۆ دەکڕم، لەسەر دۆشەکی نەرم دەیخەوێنم و هاوینان بە پۆپەشمینی ئاوریشم و زستانان بە پەتووی خوری دای دەپۆشم. دەبێتە خاوەنی کەنتۆرێک جلی جوانی

نایاب، نەک تەنیا ژێرکراسێکی کۆنی زەردباو. فێری سەمای بالێ و لێدانی پیانۆ دەبێت، نەک بە کووچە و کۆلاناندا بسووڕێتەوە و پیس و پۆخڵ ببێت.

کۆنەکۆکەرەوە: ئەدی پاکا تۆ چی پێ دەبەخشیت؟ وەڵام نادەیەوە؟ باشە شایەتت هەیە کە بووکی تۆیە؟

پاکا: میزەڵدانفرۆش تۆ شایەتی بدە و بیگێڕەوە! بە دادوەر بڵێ چەند بە دەست پۆشتەکردنەوەیەوە ماندوو بووم و چۆن ژیانی خۆم بۆ خزمەتکردن و ئاگا لێ بوونی تەرخان کرد.

میزەڵدانفرۆش: باشە کچی خۆشەویستی خۆم. من ئاگادار بووم، تۆ باوەشی پڕ لە بەزەیی و سۆزی خۆت بۆ ئەو بووکە فەرامۆشکراوە کردەوە و هێندە بایەخت بە پەروەردەکردنی دا، هەر تەواو وەک هی خۆت بێت. بەڵام سەبارەت بەوەی بە گوێرەی یاسا کێ دایکی ڕاستەقینەی بووکەکەیە، من ناوێرم بیروڕای خۆم دەرببڕم.

کۆنەکۆکەرەوە: کەواتە بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم کێشەیە، تاقەڕێگا، هانابردنە بۆ ئەو تاقیکردنەوەیەی کە بە بازنەی دەباشیر بەناوبانگە. با دایکەکان خۆیان منداڵەکە لە بازنەکە بهێننە دەرەوە، ئیدی ساغ دەبێتەوە، کێ دایکی ڕاستەقینەیەتی. من ئەمە یەکەم جارە، پەنا بۆ ئەو ڕێگاچارەیە ببەم.

ئێستا من زۆر بە وریاییەوە بەم پارچە دەباشیرە، کە ئەم بەیانییە دۆزیمەوە، بازنەیەکی بچووک دەکێشم. بووکەکە ئا



لێـرەدا، لـە ناوەڕاسـتی بـازنەکـەدا دادەنێم. ڕۆسـیـتـا تۆ دەستی ڕاسـتی بووکەکە دەگریت، پاکا تۆش دەستی چەپی. ئەوی هێندە بـەهێـز بێت، بتـوانێت ڕای بکێشـێتـە دەرەوەی بازنەکە، دایکی ڕاستەقینەی بووکەکەیە.

دەرگاوان: دەبێت ئەم دادگاییکردنە ڕابگیرێت. پاکا، چونکە لەسەر ئیـشکردن، بەتایبـەتی عـەردی ژوور سڕین، ڕاهـاتووە، بۆیە ئەو قـۆڵە لاوازانەی هێـزێکی زۆریان لەنێو خۆیاندا حـەشـار داوە.

کۆنەکۆکـەرەوە: بەڵام ڕۆسـیتـاش بەردەوام خـەریکی جومـناسـتیکە. گوتوبێژ تەواو، تکایە بێدەنگی، دەست پێ دەکەین. ڕاکێشـە! پاکا، تۆ هیچت نەکرد! بۆچی هیچت نەکرد؟

پاکا: من بۆ ئەوە بووکـەکەم چاک نـەکردبووەوە کـە دیسـان لەتوپەت بکرێتەوە.

کۆنەکۆکەرەوە: ئێستا تاقیکردنەوەکە کۆتایی هات. ڕۆسیتا توانی بووکەکە لە بازنەکە بهێنێتە دەرەوە.

دەرگاوان: داواکارم مۆڵەتم بدەن، بچمەوە بە لای ئیشی خۆمەوە؟

کۆنەکۆکەرەوە: داخوازییەکەت بەجێیە، شایەت دەتوانێت بڕوات.

پاکا: وا مەیگرە! ئاخر هێشتا زۆر ناسکە! نەک ئازاری پێ بگات.

ڕۆسیتا: بووکی خۆم نییە؟

پاکا: بە هەر حاڵ، وریای بە!

کۆنەکـۆکـەرەوە: گـەرچی هـەمـوو ڕێسـاکـانی تاقـیکـردنـەوەکـەم ڕەچاو کـرد، وەلێ هـێـشـتـا شـتـێک ناجـۆرە. ڕاسـتـە گـوتراوە، با دایکەکان خـۆیان مـنداڵەکە لە بازنەکە بهێننە دەرەوە، ئیدی ساغ دەبێتەوە، کێ دایکی ڕاستەقینەیەتی، بەڵام شتێک هەیە، من تێی ناگەم. دەبێ تاقیکردنەوەکە دووبارە بکەینەوە. پاکا و ڕۆسیتا، دەبێ تاقیتان بکەمەوە.

ڕۆسیتا: بەوپەڕی خۆشییەوە. ڕاکێشە!

میـزەڵدانفرۆش: پاکا دەی بووکەکە ڕاکێشـە! پیشانی بدە کە تۆش دەتوانیت ڕای بکێشیت.

پاکا: نا.

کـۆنـەکـۆکـەرەوە: هێـژایان ئێـسـتـا من لە تـاقـیکردنـەوەی بازنەی دەباشیـر تێگەیشـتم. مەسـەلەکە ئەوە نییـە، کێ بەهێزترە و دەتوانێت منداڵەکە بۆ لای خۆی ڕابکێشـێت، بەڵکوو ئەوەیە، کێ زۆر بـە تەنگ منـداڵەکـەوە دێت؟ کێ دلـۆڤـانـتـرە و پـەلی منـداڵەکـە، بۆ ئـەوەی ئازاری پـێ نەگـات، بەر دەدا؟ دایـکی ڕاسـتـەقـینە هێـزی بۆ پاراسـتـنی منداڵەکەی دەخـاتە گـەڕ، نەک بـۆ ئازار پـێ گـەیاندنـی. بۆیـە من کـە (جـۆلیـان)ی کۆنەکۆکەرەوەم، بڕیارم دا، بووکەکە بدرێت بە پاکا.

پاکا: وەرە بووکـە فـریشـتـە ئاسـاکـەم. دوای ئـەم هـەمـوو هـەرایە، لە نێو جۆلانەی دڵمدا سـەرخـەوێ بشکێنە!

میـزەڵدانفرۆش: ڕۆسـیتا: ئارام ببەوە! تۆ خۆت کۆنەکۆکەرەوەکەت

وەک دادوەر پەسەند کرد.

ڕۆسیتا: دایە! دایە!

کـۆنەکـۆکـەرەوە: ئێـسـتـا پاکـای جـوان، چونکە من پیـاوێکی بەئەزمـوونم، پێـشنیـار دەکەم، چی زووترە خـۆت بکەیت بەو کۆڵانەدا و بزر ببیت، بەڵام پێویست ناکات، هەڵێیت. ئاخر دڵنیـام دەوڵەمـەند تەنیـا ئەو وەختـە بڕیاری دادگا پـەسـەند دەکات، کە لە قـازانجی خۆی بێت. سـەرکەوتوو بێت، پاکای ژیکەڵە. چونکە پیـاوێکی خـاوەن ئەزمـوونم، هـەر ئێـسـتـا خۆیشم لەم ناوە دوور دەکەومەوە.

## کۆتایی

سەرچاوە:

Barn  pjäsbok, Siv och Gertrud widerberg, En bok for alla, s.87-98
Smedjebacken 1997